
# دیموکراسیی بۆرژوازی

# و

# دیموکراسیی پرۆلیتاری



فلادیمێر لینین

وەرگێڕانی: وەلید عومەر

ئەومەسەلەیەی کە بێشەرمانە لەلایەن کایۆتسکی(Kautsky)یەوە شێوێنراوە، بەم جۆرەیەی خوارەوەیە:

ئەگەر گاڵتە بە عەقڵی باو(common sense) و مێژوو نەکەین، ئەوا ئاشکرایە **تا** ئەو کاتەی **چینەکان** هەن، ناتوانین باسی دیموکراسیی پەتی و بێگەرد(pure democracy) بکەین، بەڵکو تەنیا دەتوانین باسی دیموکراسیی **چینایەتی** بکەین(لەنێوان دوو کەوانەشدا ئەوە بڵێم کە دیموکراسیی بێگەرد نەك هەر دەستەواژەیەکی گەمژانەیە، کە تێنەگەیشتن لە شتەکە دەربارەی ململانێی چینەکان یاخود دەربارەی ماهیەتی دەوڵەت ئاشکرادەکات، بەڵکو دەستەواژەیەکی سێجار پڕوپووچە، چونکە لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستییدا، سەرەڕای ئەوەی گۆڕان بەسەر ماهیەتی دیموکراسییدا دێت و دەبێتە بەشێك لە عادەت و خورەفتار، بەڵام هەرگیز دیموکراسییەکی **ساف و بێگەرد** نابێت).

"دیموکراسیی بێگەرد"، دەربڕینێکی درۆزنانەی کەسێکی لیبراڵە کە دەیەوێت کرێکاران بگەوجێنێت. ئەوەی لە مێژوودا پێشینەی هەیە دیموکراسیی بۆرژوازییە کە دەچێتەجێی دەرەبەگایەتی و، ئەوە دیموکراسیی پرۆلیتارییە کە دەبێتەجێگرەوەی دیموکراسیی بۆرژوازی.

گەر کایۆتسکی دەیان پەڕە بۆ "سەلماندن"ـی ئەو حەقیقەتە تەرخانبکات کە دیموکراسیی بۆرژوازی بەراورد بە سەدەکانی ناوەڕاست پێشکەوتووە و پێویستە پرۆلیتاریا لە شەڕی خۆیدا دژی بۆرژوازی پشتیوانیی لێبکات؛ ئەوا تەنیا چەنەبازیی لیبراڵێکە کە کرێکاران دەگەوجێنێت. نەك هەر لە ئەڵمانیای شارستانی و بەسەقافەتدا، بەڵکو لە ڕوسیای ناشارستانییشدا ئەم قسەیە بۆخۆی شتێکی بەڵگەنەویستە.

کایۆتسکی کە بەویقارەوە باسی ویتلینگ و مەسحییەکانی پاراگوای و زۆر بابەتی تریش دەکات تاکو ماهیەتی **بۆرژوازییانەی** دیموکراسیی هاوچەرخ واتە دیموکراسیی **سەرمایەداری** داپۆشێت، تەنیا دێت بەشێوەیەکی "دانایانە و زۆرزانانە" خۆڵ دەکاتە چاوی کرێکاران.

کایۆتسکی ئەو شتانە لە مارکسیزمدا گوڵبژێردەکات کە بە دڵی لیبراڵەکان و بۆرژوازییە(ڕەخنە لە سەدەکانی ناوەڕاست، ڕۆڵی پێشکەوتنخوازانەی مێژوویی سەرمایەداری بەتایبەت)، بەڵام ئەو شتەی لای بۆرژوازی **پەسەند نیە**(واتە پیادەکردنی

زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا دژی بۆرژوازی، بەمەبەستی لەناوبردنی) فڕێدەدات، دادەپۆشێت و سواغیدەدات. لەبەر ئەمەیە کە کایۆتسکی، بەناچاری و بەحوکمی دۆخە بابەتییەکەی خۆی، بە چاوپۆشی لەوەی چ قەناعەتێکی شەخسی و سوبێکتیڤی هەیە، کەچی دەبێتە نۆکەرێکی بۆرژوازی.

دیموکراسیی بۆرژوازی، وێڕای ئەوەی بەراورد بە بیروباوەڕی سەدەکانی ناوەڕاست(medievalism) بە پێشکەوتنێکی مەزنی مێژوویی دادەنرێت، کەچی هەمیشە وەك دیموکراسییەکی بەرتەسك، کلك و گوێکراو، درۆزنانە و ڕیاکارانە دەمێنێتەوە(ئەویش لەژێر سایەی سەرمایەدارییدا) کە بۆ دەوڵەمەندان وەك بەهەشتی بەرین وایە و بۆ چەوساوە و هەژارانیش داو و تەڵەکەیە. ئا ئەم حەقیقەتە، کە گرنگترین بەشی بنچینەیی تیۆری مارکسییە، کایۆتسکیی "مارکسی" تێی‌نەگەیشتووە. هەر لەبەر ئەم پرسە بنەڕەتییەیە کە کایۆتسکی لەجیاتیی ڕەخنەی زانستی، شتانێکی خۆش و شادیبەخش پێشکەشی بۆرژوازی دەکات، ئەویش لەو هەلومەرجەدا کە دیموکراسیی بۆرژوازی دەگۆڕێتە سەر دیموکراسی بۆ دەوڵەمەندان.

سەرەتا، ئەو گوزارە تیۆرییەی مارکس و ئەنگڵس بیری ئاغای کایۆتسکیی دانا!( learned) دەخەینەوە کە بەشێوەیەکی ئابڕووبەرانە ئەو خۆبەزانانازانینەی ئێمەی "لەبیرکردووە" و پاشان تا ئەو جێیەی دەکرێت بابەتەکە بەسادەیی باسدەکەین.

نەك تەنیا هەر دەوڵەتی کۆن و فیوداڵی، بەڵکو «دەوڵەتی هەڵبژێردراو و نوێنەرایەتیی مۆدێرنیش، ئامرازێکی چەوسانەوەی کاری کرێگرتەیە لەلایەن سەرمایەوە»(نوسینی ئەنگڵس لەبارەی دەوڵەتەوە). «مادام دەوڵەت دەزگایەکی ئینتیقالی و تێپەڕە کە دەبێت لە ململانێ و شۆڕشدا بەکاری بێنیت تاکو دوژمنەکانی خۆت بەزەبروزەنگەوە سەرکوتبکەیت، ئەوا قسەکردن دەربارەی "دەوڵەتی ئازادی گەل"(free people's state) بێماناییەکی موتڵەقە. مادام پرۆلیتاریا هێشتاش هەر پێویستی بە دەوڵەتە، ئەوا ئەم پێویستییە لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی ئازادییەوە نەبووە، بەڵکو بەمەبەستی سەرکوتکردنی دوژمنەکانی خۆتە و کاتێکیش قسەکردن لەبارەی ئازادییەوە دەڕەخسێت، ئەوسا ئیتر دەوڵەت بە مانای تایبەتی وشەکە بوونی نامێنێت»(لە نامەیەکی ئەنگڵسەوە بۆ بیبیل، بەرواری ٢٨ی ئازاری ١٨٧٥). «دەوڵەت هیچ نیە جگە لە ماشێنێك بۆ سەرکوتکردنی چینێك لەلایەن چینێکی ترەوە، لە کۆماری دیموکراتییشدا

ئەم ڕۆڵەی ئەو بەهیچ جۆرێك لەو ڕۆڵەی کەمتر نیە کە لە ڕژێمی پاشایەتییدا هەیەتی»(لە پێشەکیی ئەنگڵسەوە کە بۆ کتێبی *شەڕی ناوخۆی فەڕەنسای* مارکسی نوسیوە). مافی گشتیی دەنگدان«پێوەری ماف و هەقداریی چینی کرێکارە. **مافێکی لەم جۆرە هەر ئەوەندە شتی پێدەدرێت و لەگەڵ مانەوەی ئەم دەوڵەتەی ئێستادا هەرگیز هیچی تر نادات**»(ئەنگڵس دەربارەی دەوڵەت). میستەر کایۆتسکی، بەشێوەیەکی زۆر وەڕزکەر بەشی یەکەمی ئەم گوزارەیە کاوێژدەکاتەوە کە بەلای بۆرژوازییەوە پەسەندە، بەڵام بەشی دووەمی کە پشتمان پێ بەستووە و بە لای بۆرژوازییەوە ناپەسەندە، کایۆتسکیی مورتەد و هەڵگەڕاوە قرِوقپی لێدەکات!

«دەبوو کۆمۆنە( Commune) دامەزراوەیەکی پارلەمانی نەبوایە بەڵکو دامەزراوەیەکی ئیشکەر و چالاك بوایە، واتە لە یەك کاتدا هەم یاسادانەر بووایە و هەم ڕاپەڕێنەر و جێبەجێکەری یاساش...لەبری ئەوەی سێ ساڵ یان شەش ساڵ جارێك بڕیارێك بدرێت کە کام لە ئەندامانی چینی فەرمانڕەوا نوێنەری خەڵك یاخود سەرکوتکەریان بێت، ئەوا دەبوو لەم ڕووەوە مافی هەڵبژاردن بۆ هەموان بخرێتە خزمەتی ئەو خەڵکە دامەزراوەوە کە لە کۆمۆنەکاندان تاکو بتوانن کرێکار و سەرکار و ژمێریار بۆ دەزگاکەی خۆیان پەیدابکەن، هەر بەو جۆرەی کە مافی تاکەکەسییانەی هەڵبژاردن دەخرێتە خزمەتی هەر خاوەنکارێکی ترەوە»(مارکس: شەڕی ناوخۆی فەڕەنسا).

هەریەك لەم حوکم و گوزارانە کە ئاغای کایۆتسکیی دانا و حەکیم بەباشی ئاگای لێیانە، وەك زللەیەك بەر ڕوومەت و بناگوێی دەکەوێت و هەموو هەڵگەڕانەوەکەی هەڵدەماڵێت. لە سەرتاپای وتار( pamphlet)ـەکەیدا شوێنەوارێك نابینینەوە کە بزانین ئاخۆ لەم ڕاستییانە تێگەیشتووە. کۆی وتار و تێزەکەی، بریتییە لە گاڵتەکردن بە مارکسیزم!

دەستوری دەوڵەتە مۆدێرنەکان وەربگرن، بەڕێوەبردن و ڕاییکردنی کاروباریان، ئازادیی کۆڕوکۆبوونەوە یان چاپەمەنی و "یەکسانیی تاك لەبەرامبەر یاسادا" لەبەرچاوبگرن و سەیرکەن چۆن لە هەر هەنگاوێکدا ڕووبەڕووی ڕیاکاریی دیموکراسیی بۆرژوازی دەبنەوە و، هەر کرێکارێکی سەربەرز و هۆشیاریش ئاگای لێیەتی. تەنانەت یەك دەوڵەتی دیموکراسی بوونی نیە، بگرە دیموکراسییترین دەوڵەتیشیان، کە لە دەستورەکەیاندا دەلاقە یان مەرجێکی تیا بەدینەکرێت کە ئەگەری بەکارهێنانی سوپا

دژی کرێکاران و قەدەغەکردنی هاتوچۆ(مەنع تەجەول) بۆ بۆرژوازی مسۆگەرنەکات، ئەویش (لە ساتەوەختی تێکدانی نەزمی گشتیدا! و لەڕاستییدا لەو ساتەدا کە چینی چەوساوە دۆخی کۆیلەئاسای خۆی "تێکبدات" و هەوڵبدات خۆی لە دۆخی کۆیلایەتی دەربێنێت. کایۆتسکی بەشێوەیەکی بێشەرمانە دیموکراسیی بۆرژوازی ئارایشتدەکات و، بۆنمونە چاو لەو کارانە دەپۆشێت کە دیموکراسیترین و کۆماریترین بۆرژواکان لە ئەمریکا یان سویسرا دژی کرێکارانی مانگرتوو دەینوێنن.

بەڵێ، کایۆتسکیی حەکیم و دانا دەرهەق بەم شتانە بێدەنگی هەڵدەبژێرێت! ئەم پیاوە سیاسییە زانایە لەوە تێناگات کە هەڵبژاردنی بێدەنگی لەم بارەیەوە، شتێکی سەخیف و بێزراوە. وا بە باشتر دەزانێت هەندێك چیرۆکی منالآنەی وەك ئەمە بۆ کرێکاران بگێڕێتەوە کە دیموکراسی بریتییە لە (پاراستنی کەمینەیەك-protecting the minority). گەرچی جێی باوەڕکردن نیە، بەڵام ئیتر فاکت و ڕاستییە. [ئەویش] لە هاوینی هەزار و نۆسەد و هەژدەیەمین ساڵی لەدایکبوونی مەسیحدا[واتە ١٩١٨]، لە پێنجەمین ساڵی کوشتوبڕی جیهانیی ئیمپریالیستیدا[واتە پێنجەم ساڵی شەڕی جیهانیی یەکەم]، و خەفەبوون و خنکانی کەمینە ئەنتەرناسیۆنالییەکان(واتە ئەو کەسانەی خیانەتیان لە سۆسیالیزم نەکردووە وەك: ڕینۆدلەکان و لۆنگەکان و شیدمانەکان و کایۆتسکییەکان و هاندرسۆنەکان و وێبەکان و هتد). لەبارەی هەموو "دیموکراسییەکان"ــی دونیاوە، ئاغای کایۆتسکیی زانا بە دەنگێکی شیرین و بگرە زۆر شیرینیشەوە ئاوازی (پاراستنی کەمینە) دەچرێت. هەرکەس بیەوێت دەتوانێت ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٥ی وتارەکەی کایۆتسکیدا بخوێنێتەوە. بەڵام لە لاپەڕەی ١٦دا ... ئەم زاتە عالمە باسی [حیزبی] ویگەکان و تۆرییەکانی ئینگلتەراتان بۆ دەکات لە سەدەی هەژدەدا.

چ فەزڵ و داناییەکی سەمەرەیە! چ نۆکەرییەکی قەشەنگە لەبەردەم دەرگای بۆرژوازییدا! چ ئسلوبێکی موئەدەبانەیە لە سوژدەبردن بۆ سەرمایەداران و کلکەلەقێ و ماچکردنی پێ و پلیاندا! ئەگەر من کروپ یان شیدمان بومایە، کلمانسۆ یاخۆ ڕنۆدل بوومایە ئەوا میلیۆنان پارەم دەدایە کایۆتسکی و ماچی یەهودادییم دەکردە نسیبی، لەبەرامبەر کرێکاراندا ستایشمدەکرد و، لەبەرامبەر کەسانێکی "بەڕێز"ــی وەك کایۆتسکیدا، "یەکێتی و یەکگرتنی سۆسیالیزم"م پێشنیاردەکرد. نوسین دژی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، قسەکردن دەربارەی ویگەکان و تۆرییەکانی ئینگلتەرا لە سەدەی هەژدەدا، هەوڵدان بۆ قەناعەتکردن بەوەی کە دیموکراسی بریتییە لە "پاراستنی

کەمینە"، و بێدەنگبوون لە ئاست ئەو **کوشتارگەیەی** کە لە کۆماری "دیموکراسی"ـی ئەمریکادا دژی ئەنتەرناسیۆنالیستەکان پیادەدەکرێت: مەگەر ئەمانە خزمەتکاریی نۆکەرانە نین لەبەر دەرگای بۆرژوازییدا؟

ئاغای کایۆتسکیی دانا، خاڵێکی "بێبایەخ" ی "لەبیرکردووە"...-هەردەبێت بەرێکەوتیش لەبیری کردبێت-، ئەویش ئەوەیە کە: حیزبی حاکم، دیموکراسیی بۆرژوازیی پاراستنی کەمینە تەنیا بە حیزبی **بۆرژوازی** دەبەخشێت، بەڵام بۆ پرۆلیتاریا دەرهەق بە هەر پرسێکی **جدی، قووڵ و بنەڕەتی**، لەجیاتیی "پاراستنی کەمینە" باری نائاسایی یاخود کوشتوبڕ و کوشتارگە دێتەدی. **دیموکراسی تا کامڵتر بێت، بە هەمان ڕادە لەکاتی درووستبوونی هەر ناکۆکییەکی سیاسیی قووڵدا کە بۆ بۆرژوازی مەترسیدار بێت، ئەوا لە کوشتوبڕ یان شەڕی ناوخۆوە نزیکتردەبێت.** ئاغای کایۆتسکی دەیتوانی ئەم "یاسا"یەی دیموکراسیی بۆرژوازی سەبارەت بە ڕووداوی (دریفۆس) بخاتەڕوو لە فەڕەنسای کۆمارییدا، سەبارەت بە ناحەقیکردن بەرامبەر بە ڕەشپێستەکان و ئەنتەرناسیۆنالیستەکان لە کۆماری دیمۆکراسیی ئەمریکادا، بەرامبەر بە ئێرلەندا و ئۆلیستەر لە ئینگلتەرای دیموکراتیك[١]، سەبارەت بە ڕاوەدوونانی بەلشەفیکەکان و قەڵاچۆکردن لە دژیان لە نیسانی ١٩١٧دا لە کۆماری دیموکراسیی ڕوسیادا. من بەئەنقەست هەندێك نمونە دێنمەوە کە تەنیا پەیوەندیی بە سەردەمی جەنگەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەندیی بە سەردەمی ئاشتیی بەر لە جەنگیشەوە هەیە. ئاغای کایۆتسکیی زمانلوس پێی باشترە چاو لەم ڕاستییانەی سەدەی بیست بپۆشێت، و لەجیاتیی ئەوە هەندێك بابەتی هێجگار تازە و زۆر سەرنجڕاکێش و زۆر فێرکەرانە و گەلێك گرنگ بۆ کرێکاران باسبکات، ئەویش لەبارەی ویگەکان و تۆرییەکانی سەدەی هەژدەوە.

پارلەمانی بۆرژوازی وەك نمونە وەربگرن. ئاخۆ دەکرێت وێنای ئەوەبکەین کە کایۆتسکیی دانا، هیچکاتێ ئەو بابەتەی نەبیستووە کە **چەندە** دیموکراسی پەرەسەندنێکی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، ئەوا **بە هەمان ڕادە** بۆرس و بانکداران، پارلەمانە بۆرژوازییەکان دەکەنە پاشکۆی خۆیان؟ لێرەدا نابێت ئەو دەرەنجامگیرییە بکەین کە نابێت سود لە پارلەمانی بۆرژوازی ببینین(بەلشەفیکەکان بە سەرکەوتنێکی ئەوتۆوە سودیان لێوەرگرت کە دەتوانین بڵێین هیچ حیزبێك لە جیهاندا لەم ڕووەوە

[١]. مەبەست لە سەرکوتی خوێناویی بەشداربووانە لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩١٦ی ئێرلەندادا لەلایەن بۆرژوازیی ئینگلتەراوە.

بە تۆزی پێیاندا ناگات، چونکە لە ساڵانی ١٩١٢ تا ١٩١٤ ئێمە هەموو کورسییەکانی دۆمای چوارەممان بەدەستهێنا). بەڵام لێرەدا ئەو دەرەنجامگیرییە درووستدەبێت کە تەنیا لیبراڵێك دەتوانێت کەموکورتیی مێژوویی و مەرجداربوونی پارلەمانتاریزمی بۆرژوازی لەبیربکات، وەکچۆن کایۆتسکی ئەم پرسە لەبیردەکات. خەڵکانی ستەمدیدە لە دیموکراسییترین وڵاتی بۆرژوازییشدا، لە هەر هەنگاوێکدا ڕووبەڕووی ئەو ناکۆکییە زەقە دەبنەوە کە لەنێوان یەکسانیی **ڕواڵەتی** کە (دیموکراسی)ـی سەرمایەداران بانگەشەی دەکات و، هەزاران کەموکورتیی **واقیعی** و ئەو فڕوفێڵانەشی کە پرۆلیتارەکان دەکاتە **کۆیلەی کرێگرتە**، هەیە. ئەم ناکۆکی و ناتەباییەیە کە چاوی کۆمەڵانی خەڵك بە ڕووی ڕزیوی و درۆزنی و دووڕوویی سەرمایەدارییدا دەکاتەوە، هەر ئەم ناکۆکییەیە کە بانگەشەکاران و ڕەواجپێدەرانی سۆسیالیزم لەبەرامبەر کۆمەڵانی خەڵکدا ئاشکرای دەکەن و سرِی هەڵدەماڵن، **(تاکو!) ئامادەیان بکەن** بۆ شۆڕش! بەڵام کاتێك کە سەردەمی شۆڕشەکان **دەستیپێکرد**، کایۆتسکی پشتی تێکرد و دەستیکردە ئاوازخوێندن بەسەر فەخر و فەزیلەتی دیموکراسیی **ڕووەو سەرەمەرگی** بۆرژوازییدا.

دیموکراسیی پرۆلیتاری، کە حکومەتی شورایی(Soviet government) یەکێکە لە فۆرمەکانی، گەشە و مەودایەکی داوەتە ئەو دیموکراسییەی کە پەیوەستە بە زۆرینەی زۆری خەڵکەوە واتە چەوساوە و زەحمەتکێشانەوە، کە لە جیهاندا هاوتای نەبووە. نوسینی کتێبێکی تەواو لەسەر دیموکراسی، واتە ئەو ئیشەی کە کایۆتسکی کردوویەتی و دوو پەڕەی لەبارەی دیکتاتۆریەتەوە نوسیوە و دەیان پەڕەشی لەبارەی (دیموکراسیی بێگەرد)ـەوە نوسیوە، و هاوکات ئەم مەسەلەیەشی **نەبینیوە**، ئەمە خۆی بۆخۆی بەمانای بەلاڕێدابردنی تەواوی شتەکەیە بە شێوازێکی لیبراڵی.

سیاسەتی دەرەکی(foreign policy) بێننە بەرچاوی خۆتان. لە هیچ وڵاتێکی بۆرژوازییدا تەنانەت دیموکراسیترین وڵاتیشیاندا، ئەم سیاسەتە ئاشکرا نیە، لە هەموو لایەکەوە خەڵك و گەل فریودەدەن: لە فەرەنسای دیموکراسی، لە سویسرا، لە ئەمریکا و ئینگلتەرا ئەم کارە بە ڕووبەرێکی سەدقات فراوانتر و شارەزایانەتر لە باقیی وڵاتانی تر ئەنجامدەدرێت. حکومەتی سۆڤیەت، بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە سر و ترِی سیاسەتی دەرەکیی هەڵماڵی. کایۆتسکی لەم مەسەلەیە تێنەگەیشتووە و لەمەڕ ئەم مەسەلەیە بێدەنگیی هەڵبژاردووە، لەکاتێکدا لەسەردەمی جەنگە تاڵانکارییەکان و

ڕێکەوتنە نهێنییەکان سەبارەت بە "قەڵەمڕەوەکانی نفوز"(واتە سەبارەت بە دابەشکردنی جیهان لەلایەن سەرمایەدارە تالانکەرەکانەوە) ئەم پرسە هەڵگری بایەخێکی سەرەکییە، چونکە پرسی ئاشتی، پرسی مان و نەمانی دەیان ملیۆن مرۆڤە کە پەیوەستە پێیەوە.

بینا و بونیادی دەوڵەت بێننە بەرچاوی خۆتان. کایۆتسکی خۆی ئالاندۆتە "هەندێك خاڵی بێبایەخ" و تەنانەت هەڵبژاردنی "ناڕاستەوخۆ"(لە دەستوری یەکێتیی سۆڤیەتدا) بەڵام لە ماهیەت و کرۆکی بابەتەکە تێنەگەیشتووە. ئەو، لە ماهیەتی **چینایەتیی** دەزگای دەوڵەت، ماشێنی دەوڵەت تێناگات. سەرمایەداران لە دیموکراسیی بۆرژوازییدا بەهۆی هەزاران فێڵ و تەڵەکەوە، تاکو دیموکراسیی "بێگەرد" پەرەسەندووتر بێت ئەوا ئەم فێڵ و تەڵەکانە شارەزایانەتر و ڕاستەوڕاستترە، و کۆمەڵانی خەڵك لە کارگێڕی (دەوڵەتداری) و ئازادیی کۆڕوکۆبوونەوە و چاپکراو و هتد **دووردەخەنەوە**. حکومەتی سۆڤیەت، **یەکەمین** حکومەتە لە جیهاندا(گەر بشمانەوێت وردتر بین ئەوا دووەمین حکومەتە، چونکە کۆمۆنەی پاریسیش ئەمەی دەست پێکردبوو) کە کۆمەڵانی خەڵك، واتە **ستەملێکراوان**، بەرەو دەوڵەتداری **ڕادەکێشێت**. ڕێگای بەشداریکردن لە پارلەمانی بۆرژوازییدا(کە **هیچکاتێ** پرسی زۆرجدی لە دیموکراسیی بۆرژوازییدا **چارەسەرناکات**- بۆرس و بانکەکان ئەم پرسانە چارەسەردەکەن) بەهۆی هەزاران کۆسپ و ڕێگرەوە بە ڕووی خەڵکانی زەحمەتکێشدا داخراوە. کرێکارانیش بە باشترین شێوە تێدەگەن و هەستی پێدەکەن، دەیبینین و درکی دەکەن کە پارلەمانی بۆرژوازی دەزگایەکی **نامۆ و غەریبە** و **داردەستی ستەمکاریی** بۆرژوازییە دژی پرۆلیتاریا، دەزگای چینی دوژمن و کەمینەیەکی چەوسێنەرە.

شوراکان(Soviet)، ڕێکخراوی ڕاستەوخۆ و بێنێوانگری خەڵکانی زەحمەتکێش و ستەملێکراو خۆیانن، ڕێکخراوێکن کە ئەو کارەیان بۆ **ئاسانەکات** کە خۆیان دەوڵەت ببەنەڕێوە و بەهەرجۆرێك کە بیانەوێت کارگێڕی بنوێنن. لەم نێوانەدا، بەتایبەت پێشەنگ و پێشڕەوانی زەحمەتکێشان و چەوساوەکان، واتە پرۆلیتاریای شارنشین خاوەنی ئەو فەزڵ و ئیجابیەتەیە کە بەهۆی دامەزراوە گەورەکانەوە بە باشترین شێوە یەکیگرتووە: هەڵبژاردن و چاودێریکردن بەسەر هەڵبژێراوەکانەوە بەلای ئەوەوە لە هەر شتێکی تر ئاسانترە. ڕێکخراوی شورایی، بە شێوەیەکی خۆڕسك و ئۆتۆماتیکی مەسەلەی یەکێتیی هەموو زەحمەتکێشان و چەوساوەکان سەبارەت بە پێشەنگەکەیان، واتە پرۆلیتاریا، **ئاسانەکاتەوە**. دەزگا و دامەزراوەی دەوڵەتیی بۆرژوازی واتە دەزگای

بۆرۆکراسیی ئیمتیازاتی سەروەت و ئیمتیازاتی خوێندنی بۆرژوازی و دەمچەورکردن و هتد(کە هەرچەندە دیموکراسیی بۆرژوازی پێشکەوتووتر بێت، ئەوا ئەم ئیمتیازانە بەفیعلی هەمەڕەنگتر دەبن). هەموو ئەمانە لە ڕێکخراوی شوراییدا لەناودەچن، ئازادیی چاپ و بڵاوکردنەوە ڕەهەندە ڕیاکارییەکەی خۆیان لەدەستدەدەن، چونکە چاپخانە و کاغەز لە بۆرژوازی دەسەنرێتەوە. بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بیناکان، کۆشکەکان و باڵاخانەکان و ماڵی موڵکدارااندا دەکرێت. حکومەتی سۆڤیەت، بێیەکودوو هەزاران باڵاخانەی لەم باشترین باڵاخانانە لە چەوسێنەران سەندەوە و بەم جۆرە مافی کۆڕوکۆبوونەوەی بە کۆمەڵانی خەڵك بەخشی کە **ملیۆنێك جار** "دیموکراسییانەتر"ـە و بەبێ ئەوە دیموکراسی جگە لە فرۆفێڵ هیچی تر نیە. هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆی شورا نامحەلییەکان، پێکهێنانی کۆنگرەی شوراکان ئاسانتردەکات و **کۆی** دەزگای دەوڵەتی هەرزانتر و جووڵاوتر دەکات و، لە سەردەمێکدا کە ژیان لە جۆشوخرۆشدایە و پێویستە بەزوویی نوێنەری محەلیی خۆت بانگبکەیت یان بینێریت بۆ کۆنگرەی گشتیی شوراکان، ئەوا ئەم دەزگایە بۆ کرێکاران و جووتیاران ئاسانتردەکاتەوە.

دیموکراسیی پرۆلیتاری، **یەك ملیۆن جار** لە هەر دیموکراسییەکی بۆرژوازی دیموکراسییانەترە. حکومەتی سۆڤیەت، یەك ملیۆن جار دیموکراسییانەترە لە دیموکراسیترینی هەر کۆمارێکی بۆرژوازی. ڕەنگبوو تەنیا کەسێك لەم بابەتە تێنەگات کە یان خزمەتکاری بەئەنقەستی بۆرژوازییە، یاخود لەڕووی سیاسییەوە بەتەواوی مردبێت و ژیانی ڕاستەقینە لەناو تەپوتۆزی کتێبە بۆرژوازییەکاندا نەبینێت و خورافەتەکانی بۆژوا-دیموکراتیك دزەی کردبێتە ناو تانوپۆی وجودیەوە، و بەم جۆرە بەشێوەیەکی ئۆبێکتیڤ و بابەتییانە خۆی کردبێتە نۆکەری بۆرژوازی. دەشیا تەنیا ئەو کەسە لەم مەسەلەیە تێنەگات کە نەتوانێت لە ڕوانگەی چینە ستەمدیدەکانەوە پرسەکە بخاتە بەرباس.

ئایا لە جیهاندا، هیچ وڵاتێك لەناو دیموکراسیترین وڵاتانی بۆرژوازییدا بوونی هەیە کە تیایدا کرێکاری ئاسایی ناوخەڵکەکە و کرێکاری کرێگرتەی ئاسایی ناوکێڵگە یان بەگشتی نیمچەپرۆلیتاری گوندنشین(واتە نوێنەری خەڵکانی ستەمدیدە کە زۆرینەی زۆری خەڵك پێکدێنن) تەنانەت گەر بەشێوەیەکی [ڕێژەیی و] نزیکیش بێت، هاوشێوەی ڕوسیا ئازادیی پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوەی هەبێت لە باشترین

باڵاخانەکاندا؟ هەروەها بۆ دەربڕینی فیکر و بیرۆکەکانی خۆی و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئازادییەکی وەهادا گەورەترین چاپخانە و باشترین عەمباری کاغەزی لەبەردەستدا بێت و، بەهۆی **ئازادی**یەکی لەم جۆرەوە خەڵکانی ناو چینەکەی خۆی بەرەو کارگێڕی و "بەڕێوەبردن"ــی کاروبارەکانی وڵات هانبدات و بەرزبکاتەوە.

تەنانەت بیرکردنەوە لەم بابەتەش گاڵتەجاڕییە کە ئاغای کایۆتسکی بتوانێت لە هەر وڵاتێك و لەناو تەنانەت هەزار کرێکار و کرێکاری شارەزای کێڵگەدا تاکە نەفەرێك بدۆزێتەوە کە دوودڵ بێت لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا. کرێکارانی سەرتاپای دونیا کە لە ڕۆژنامە بۆرژوازییەکانەوە کەمکەم و پچڕپچڕ هەندێك دانیپیانان لەبارەی حەقیقەتەوە دەبیستن، ئیدی بەشێوەیەکی غەریزی لایەنگریی لە کۆماری سۆڤیەت دەکەن؛ چونکە لەوێ دیموکراسیی **پرۆلیتاری،** واتە دیموکراسی بۆ دەستکورتان دەبیننەوە، نەك دیموکراسی بۆ ساماندااران و سەروەتمەندان کە: هەموو جۆرە دیموکراسییەکی بۆرژوازی، تەنانەت باشترینەکەشی، بەفیعلی هەر بەو جۆرەیە.

دەوڵەتداری (و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات) بەدەستی کاربەدەستە بۆرژوازییەکان و پارلەمانتشینە بۆرژوازییەکان و دادوەرانی بۆرژوازییەوەیە. ئەمەیە ئەو حەقیقەتە سادە و بەڵگەنەویست و بنبڕەی کە دەیان و سەدان ملیۆن کەس لە چینی ستەملێکراوی هەموو وڵاتە بۆرژوازییەکان و لەوانەش دیموکراسیترین وڵاتیان، بەهۆی ئەزموونی ژیانی خۆیانەوە لێی بەئاگان و هەموو ڕۆژێك هەستی پێدەکەن و تێیدەگەن.

بەڵام لە ڕوسیا بەگشتی دەزگای بۆرۆکراسی تێکشکاوە و داریان بەسەر بەردیەوە نەهێشتووە. هەموو دادوەرە کۆنەکانیان فڕێداوەتەدەرەوە و بارگە و بنەی پارلەمانی بۆرژوازییان پێچاوەتەوە. هەروەها دەزگایەکی نوێنەرایەتیی خستۆتە بەردەم کرێکاران و جووتیاران کە **چەندقات بەردەستترە** و شوراکانی ئەوانیان خستەجێی کاربەدەستە بۆرۆکراسییەکانەوە. یان بە دەربڕینێکی تر، شوراکانی ئەوانیان خستۆتە سەرووی کاربەدەستانەوە و شوراکانی ئەوانیان کردۆتە هەڵبژێرەری دادوەران. ئەم ڕاستییە بەسە بۆ ئەوەی حکومەتی سۆڤیەت، واتە فۆرمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، کە یەك ملیۆن جار دیموکراسییترە لە دیموکراسیترین کۆماری بۆرژوازی، دەبێتە مایەی قبوڵکردنی هەموو چینە ستەملێکراوەکان.

کایۆتسکی لەم حەقیقەتە تێناگات کە بۆ هەر کرێکارێك قابیلی تێگەیشتنە و بەڵگەنەویستە، چونکە ئەو "لەبیریکردووە" و "لەبیری خۆی بردۆتەوە" ئەم پرسیارە بخاتەڕوو کە: دیموکراسی **بۆ کام چین؟** ئەو لە گۆشەنیگای دیموکراسیی "بێگەرد"ـەوە(واتە بەبێ چینەکان؟ لە دەرەوەی چینەکانەوە؟) داوەری دەکات. ئەو، وەك شایلۆك[کە یەکێکە لە پاڵەوانەکانی کۆمیدیای بازرگانی ڤینیسیای شکسپیر] داوەری دەکات: (پاوەندێك گۆشت، پاوەندێك گۆشتە و تەواو). یەکسانی بۆ هەموان، گەرنا دیموکراسی بوونی نیە.

لەسەرمان پێویستە پرسیار لە کایۆتسکیی دانا، کایۆتسکیی "مارکسی!" و "سۆسیالیست!" بکەین:

ئایا دەکرێت لەنێوان چەوساوە و چەوسێنەرادا یەکسانی هەبێت؟

ئەمە شتێکی ترسناك و باوەڕپێنەکراوە کە ئێمە ناچارین لە کاتی گفتوگۆدا دەربارەی کتێبی پێشەوایەکی ئایدۆلۆژیی "ئەنتەرناسیۆنالی دووەم"، پرسیارێکی لەم جۆرەبکەین: بەڵام "مادام دەستت دایە ئیشێکی سەخت و دژوار، ئیتر بەدەست پاشهاتەکانیەوە بۆڵەبۆڵ مەکە". کەسێك کە دەیەوێت لەبارەی کایۆتسکییەوە بنوسێت، ئەوا دەبێت بۆ ئەم کابرا دانایە ڕوونبیکاتەوە کە بۆچی لەنێوان چەوساوە و چەوسێنەردا یەکسانی بوونی نیە.

سەرچاوەکان:


١) دموکراسی بورژوازی و دموکراسی پرولتری، انقلاب پرولتری و کایوتسکی مرتد، برگرفته از صفحه الکترونی: کتابخانه کوچك سوسیالیسم.

٢) https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1918/prrk/democracy.htm